# تورکیا،
# دیموکراسی یان فاشیزم...!؟

دارامەحمود
darachimen@hotmail.com

پێناسەی کۆمەڵگای سیاسی تورکیا، کارێکی ئاسان نییە. چونکە لەدەرەوەی پۆلبەندییەکانی ناو زانستی سیاسەت و نموونەو شێوازە کۆن و نوێکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی لە سیستەمی حوکمدایە.
لە وەڵامی پرسێکی وەک ئایا کۆمەڵگای سیاسی توورکیا کۆمەڵگایەکی دیموکراتە، ناتوانین بڵێین نەخێر. چونکە ئەوەتا پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە ئازادی بەڕێوە دەچێت و دەسەڵات بەشێوازێکی هێمنانە دەستاودەستی پێ دەکرێت، ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لەئارادان و چالاکانە کاردەکەن... و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش وەک وڵاتێکی مۆدێرن و دیموکرات مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەسەر ڕێگای چوونە ناو یەکیەتی ئەورووپاشدایە. بەڵام لەکاتی بەراووردکردنی کۆمەڵگای سیاسی تورکیا لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای ناو جیهانی دیموکراسیدا تووشی سەرسامی دەبین و هاوشێوەیەکی وەک خۆی لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نابینینەوە. ئەمەش لەوکاتەدا دێت کە دیموکراسی وەک پرۆسەیەکی سێ ڕەهەندی، واتا دیموکراسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ببینین. نەک تەنیا ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە کە تەنیا بەشێکن لە دیموکراسی سیاسی.
بەواتایەکی دیکە، تورکیا، بەدیوە سیاسەکەیدا بریتییە لەسیستەمێکی دیموکرات. بەڵام بەدیوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیدا نەک هەر نادیموکرات، بەڵکو سیستەمێک کە ئەگەر نەشتوانین بێ دوودڵی بە فاشست و نەژاد پەرەست ناوی ببەین. ئەوە بێگومان ئەو سیستەمە ناتوانێ بەهیچ شێوەیەک ڕەنگ و بەرگی فاشیزم لەبەرخۆی دادرێت.
فاشیزم شێوازی نادیموکراسی حوکم و دەسەڵاتەو زادەی سیستەمی سەرمایەدارییەو بەشێکە لە پێویستییەکانی ئەو سیستەمە. کە لەئەنجامی هەبوونی قەیرانی قووڵی ناو سیستەمەکەوە: قەیرانەکانی ئابووری، ئایدیۆلۆژی، بێدەسەڵاتی زۆرینە، گرفت لەپەیوەندییە دەرەکیەکانیداو دیتنەوەی جێگاپێی شیاو لەم جیهانەداو نەبوونی چارەسەری واقیعی بۆ ئەو قەیرانانە ... درووست دەبێت.
کۆماری تورکیا لەسەرەتای دامەزراندنیدا لەسەردەستی کەمال ئەتاتورک، وەک ڕژێمێکی دیکتاتۆر، نەک فاشست هاتەکایەوە. دیکتاتۆری لە جیهاندا زۆر شێوازی هەبووەو هەیە. و تورکیای ئەتاتورکییش لەپاڵ ڕژێمەکانی وەک: ئێرانی پاشایەتی و ئیسپانیای فرانکۆیی و پورتوگال و هیتردا ڕیزبەندی دەکرێت.
بەپشتبەستن بەزانستی سیاسەت، ئەتاتورک، پێناسەی دیکتاتۆری ڕەهاو تاکی بەسەردا تەتبیق دەبێت. کەپاش مردنی، سیستەمەکەی وەرگەڕا بۆ سیستەمێکی ناسەقامگیری قەیراناوی پڕ لە ناکۆکی. کە فاشیزم بوو بەڕەهەندێک لەڕەهەندەکانی.
فاشیزم، چەمکێک نییە بۆ لەکەدارکردن و ڕەشکردنی دوژمنەکانمان بەکاری بهێنین. بەڵکو چەمکێکی زانستییەو خاوەنی سیماو خەسڵەتی خۆیەتی. و گەرچی جیاوازی کەم و زۆر لەنێوان شێوازە جۆربەجۆرەکانی فاشیزمدا هەیەو هەموویان وەک و یەک نین. و تەنانەت جیاوازی لەنێوان فاشیزمی ئیتالیای مۆسۆلینی و نازیزمی ئەلمانیای هێتلەرییشدا بەڕوونی دەبینرێت. بەڵام ئەم جیاوازییانە لەئاستیکدانین کە لەبازنەی فاشیزم دەریان بهێنێت. و یەک لەخەسڵەتە هەرەسەرەکییەکان کە

لە هەموو ئایدیۆلۆژیا فاشستییەکاندا بەدیدەکرێت: پشتبەستن و برەوبەخشین بە هەستی ناسیۆنالیستی توندڕەوانە، ستایش و تەنانەت پەرستنی هێزو جەنگ و شەڕخوازی، ستایش و موقەدەس دیتن و پەرستنی تاکی سەرکردە (مردوو یان زیندوو)، ڕێگەگرتن لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤ و کوشتنی کەسایەتییەکەی و یانیش تواندنەوەی ئەو کەسایەتییە لەناو ئایدیۆلۆژیای نەژادپەرستانەو ملکەچی کوێرانە بۆ پێشڕەوانی، لایەنگیریی دەزگای دادوەریی لە ئایدیۆلۆژیای ڕەواجپێدراوی دەوڵەت و لەدەستدانی بێلایەنی خۆی، تەرخانکردنی دامەدەزگای ڕاگەیاندن بۆخزمەتی بێ چەندوچۆن و... هتد کەئەمانە زۆر بەزەقی لە کۆمەڵگای سیاسی تورکیادا بەدیدەکرێن. ئەمەسەرەڕای کۆمەڵێک خەسڵەتی تری گرنگ کەلە فاشیزمی کلاسیکدا هەیەو لەهی مۆدێرندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆنموونە لە فاشیزمی کلاسیکدا هەمیشە باڵێک لەباڵەکانی دەوڵەت و دەسەڵات، کە بریتییە لە پۆلیسی سیاسی ، بەسەر تەواوی باڵ و لایەنەکانی تردا زاڵ دەبێت و هەمووان دەخاتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵەوە. کەلەنموونەی تورکیادا لە جیاتی پۆلیسی سیاسی سووپای سیاسی ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت. و ئەمەیان دیاردەیەکی نوێی جیاوازە لە گەڵ شێوازەکانی تری سیستەمە فاشیستەکان.

هەروا نموونەی فاشیزمی تورکی خاوەنی دامودەزگاگەلێکی غەیرەدەوڵەتی یان میلیشیایی سەر بەم یان ئەو پارتی سیاسی، و یانیش بەگشتی سەربە لایەنی نیزامی و پۆلیسی دەوڵەوتن. ئەمانەش وەک سیستەمی جاشایەتی، کۆنتەر گەریلا، ئیدارەی شەڕی تایبەت، حیزبوڵڵا، و باندەکانی تێرۆرکردنی بەرهەڵستکاران لەژێرناوی (بکوژی نادیار). کە ئەمانەش بەڕۆڵی خۆیان بوونە هۆی پەیدابوونی مافیای دەوڵەتیی لە قاچاخچی و بازرگانانی مادە بێهۆشکەرەکان، دزی و گەندەڵی بێ سنووری چاوپۆشی لێکراو لەلایەن دەوڵەتەوە... هتد

پێوەست بەوەبیرهێنانەوەیە کە، فاشیزم وەک ئایدیۆلۆژیا هەروا لەخۆڕا، یان بەئارەزووی تاکێکی سەرکردە یان گرووپێکی فاشست نایەتە کایەوە. بەڵکو لەکۆمەڵێک فاکتەرەوە سەرهەڵدەدات، و ئەو فاکتەرانە وەک پێداوەستی و وەڵامدەرەوەی شکەست، یان قەیران و پرسەکان خۆدەردەخەن. و لەمڕووەوە لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان جۆرو شێوازەکانی فاشیزمدا بەدی دەکرێت.

ئەڵمانیا بەسەپاندنی پەیمانی ڤرسای* هەستی بە سووکایەتی پێکردن و ئابڕووچون کرد. و وەک کاردانەوەیەک بۆ دەربازبوون لەم سووکایەتی و ئابرووچوونە، پەنای بۆ فاشیزم برد.

ئیتالیا، بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگی جیهانی یەکەم پەنای بۆ درووشمەکانی مۆسۆلینی برد.

تورکیاش بەلەناوچوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و بڵقی سەرئاوبوونی خەونەکانی... ئەتاتوورک و ئایدیۆلۆژیاکەی بۆ بوو بەدواین پەناگا.

گەرچی دیکتاتۆری و فاشیزم بەشێوەیەکی گشتی کەمخایەن و زوودگوزەرن، بەڵام ئەم قۆناغە لە تورکیادا واخەریکە بەرەو نەوەدساڵەی تەمەنی خۆی دەچێت و ئاسۆی کۆتاییهاتنیشی لەبەرچاوان نییە. و هێشتا بەشێوازێکی فەرمی و لەسەر هەموو ئاست و بوارەکاندا، باس لەنەژادی خاوێن و بەکەمزانینی غەیرەخوودی و سڕینەوەی بەرانبەر دەکرێت. هەروا ستایشی هێزو زۆرداری و توندوتیژی و کارکردن لەسەر چەمکەکانی: ئازایەتی، قارەمانێتی، قووربانیدان و ملنەدان بۆ ئەوەی کە شکەست و تێشکان و زیانپێکەوتن.. دەتوانێ ئەوانیش بگرێتەوە. و وەک هەر ئایدیۆلۆژیایەکی تری فاشستی لەوباوەڕەدادان کەهێزێکی غەیبی ، یان نادیار ئەوان دەپارێزێت و سەردەخات.

ساڵی 1997 هێزەکانی پ ک ک دوو سەربازی تورکیان بەدیل گرتبوو، داوایان لەتوورکیا کرد لەڕێگای ڕێکخراوەکانی خاچی سوورەوە با گفتووگۆ بکەن بۆ وەرگرتنەوەی سەربازەکانیان. بەڵام بەرپرسانی تورکیا دەیانگوت **ئەمانە سەبازی ئێمە نین، چونکە سەربازی تورک قارەمانانە دەکوژێت و دەکوژرێت.**

ئەم چەمکە نەژادپەرستانەیە دوای دەساڵ هێشتا لەمێشکی هەڵگرانی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا بەردەوامەو لەبەدیلگرتنی هەشت سەربازەکەی شەڕی ئۆراماری ئەم دواییانەدا دیسان خۆی دووپاتکردەوە.
هەروا سیستەمی ناوبراو کە بەسروشتی خۆی پڕلە ناکۆکییە. لەحاڵێکدا باس لە ئازایەتی و قارامانێتی دەکات، کەچی هەرگیز ناتوانێ ترسی ئەبەدی خۆی لە تێشکان و لەناوچوون و تاریکیی چارەنووسی خۆی بشارێتەوە. بەجۆرێک کە ترس، سیماو خەسڵەتێکی تری ئەم سیستەمەیەو هەربۆیەش لەبری چارەسەری عاقڵانەی کێشەو قەیرانەکانی، لەسەر بنەمای عاتیفەو خەون و خەیاڵ، پەنا بۆ شەڕو بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبات.
بەمجۆرە سیستەمی سیاسی تورکیا، لەزۆر ڕووەوە شایانی بەراووردکردن لەگەڵ هیچ سیستەمێکی تری سیاسی لە جیهاندا نییە. و بەسیماو خەسڵەتی تایبەت بەخۆی، خۆی وەک نموونەیەکی تایبەت پێشکەش دەکات. کە لەئاکامدا سیستەمێکی سیاسی_ کۆمەڵایەتی_ ئابووری تێکەڵ پێکەڵی لێ پێکهاتووە کەهەم دیموکراسی و هەم فاشیزم دووخەسڵەتی هاوتەریبن کە نەبەیەک دەگەن و نە لە یەکتر جیادەبنەوە.
مامەڵەکردن لەگەڵ وەها سیستەمێکدا یەکجار دژوارە. بەتایبەتیش کەسیستەمی سیاسی جیهانی و هەلومەرجەکانی هەرێمەکە بواری بەردەوامبوونی بۆ دەرەخسێنن و پەرەشی پێدەدەن و لەزۆر ڕووەوە خاڵی بەهێزی بۆ دەخوڵقێنن. بەڵام لەهەمان کاتدا تورکیا وەک کۆمەڵگایەکی سیاسی، لەئەنجامی ئەو عەقڵیەتەیەوە تادێ لەناو گرفتە قووڵەکانی ناوخۆیدا نقوومتر دەبێت و لەقەیرانێکەوە پێ دەنێتە ناو قەیرانێکی تر و هەرگیز نابێتە کۆمەڵگایەکی سەقامگیرو ئارام. کلیلی دەربازبوونیش لەم ڕەوشە قەیراناوەیە درێژخایەنە، چارەسەریی کێشەی کوردە. چونکە کێشەی کورد کاتێک دەبێتە شیاوی چارەسەریی کە سیستەم خۆی لە ئایدیۆلۆژیای نەژادپەرستی ڕزگار کردبێت. و یانیش بەواتایەکی تر، چارەسەریی کێشەی کوردو خۆدەربازکردن لە ئایدیۆلۆژیاو عەقڵیەتی فاشیستی دوولایەنی یەک پرۆسەن.
ڕاستە هەتا ئەم عەقڵیەتە سەردەست و زاڵ بێت بوار بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لەئارادا نابێت. بەڵام لەهەمان کاتدا وەک لەدیرۆکەوە فێردەبین: هەڵگرانی عەقڵیەتی شەڕەنگێزی، دەمارگیریی و کینەو هەستی تۆڵەسەندنەوە.. دەتوانن وێرانکەربن. بەڵام سەرەنجام بەو ئاکامە دەگەن کە وەک دووپشکێکی تووڕەو کوێر بەخۆیانەوەبدەن.

---

* پەیمانی ڤرسای، بەو پەیمانە دەگوترێت کە ساڵی 1919 لەلایەن دەوڵەتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەسەر ئاڵمانیادا سەپا. و لەو پەیمانەدا زەوی و زارێکی زۆر کە ئەڵمانیا بە هی خۆی دەزانی دران بە فەرەنسا، بەلژیکا، پۆلۆنیا، چیکۆسلۆفاکیا، لیتوانیاو دانمارک. و ڕووبارو ئاوەکانی ئەڵمانیا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی نێونەتەوەیی. و تواناو هێزی سەربازی سنووردارکراو کۆلۆنییەکانی بەسەر وڵاتانی سەرکەوتوودا دابەشکران و پارەیەکی زۆریشی لێ سیندرا.